# مەهدی ئەخەوان سالس (م. أمید) لە زمانی خۆیەوە

لەیلا صوفی
لە فارسییەوە: کەریم سۆفی

وەک دەڵێـن کەسـێکی دڵ شـکاو و هیـلاک و مانـدوو، یەکێـک لـە خەڵکانـی تووسـی خوراسـان، غەمبـار و مەلـوول، لـە هەبـوون و نەبوونـدا ناکۆمەڵایەتـی، ترسـنۆک، نیوە نائومێدی بەناوبانگ بـە میـم ئومێـد (م. امیـد)، چـاوەش و جڵەوگـری سـەرقافڵەی کاروانـی حەسـرەت و توورەیـی و نەفریـن و نەفـرەت، خـودان چیرۆکگەلی لەبیـر کـراو و ئـارەزووی بابـردوو.

باوکـم نـاوی عەلـی بـوو، لـەو عەتـار، یـان تەبیبانـە بـوو کە لـە بنەچـەدا خەڵکی نەهرەجی یـەزد بـوو، بـەڵام لـەوێ بـاری کردبـوو و پـەروەردەی خوراسـان بـوو. ژنەکـەی نـاوی مریـەم بـوو، خەڵکـی خوراسـان بـوو.


لـە ساڵی ١٣٠٧ی هەتـاوی (١٩٢٨ز) ئەمـە هیچ! کە (ئاغـا) سـەیدایەکی (١) لـە تووسـی خوراسـان بـۆ داوێنـی ڕۆژگار فـڕێ دا کـە مـن بـووم، ئەمـەش هیـچ کە ئـەم سـەیدایە هـەر کە بـە تەمـەن گەورە دەبـوو، ڕۆژێ لـە ڕۆژان بینـی کـە خەریکـە بـۆ خـۆی و لەبـەر خۆیـەوە هێـدی هێـدی لـە ناخـەوە گۆرانـی دەڵێـت! بـەڵام چ گۆرانییـەک! موسـڵمان نەیبیسـتێ و کافـر نەیبینێـت!

## یەکەمین هەنگاوی شاعیری

دێتـە بیـرم نزیکـەی (٢٧) سـاڵ لەمەوبـەر (بەپێـی مێـژووی ئـەو کاتـی نووسـینی بابەتەکـە – و)، ئـەو کاتـەی کـە تـازە قـەدو لاسـکی شـیعر

لە ناخی دڵمەوە پەنهانی چووزەرەی دەردەکرد و دەپشکووت و ئۆقرە و ئارامی لێ هەڵگرتبووم، دەمویست بە هەر شێوەیەک بێت، ئەم هەڵچوون و خەتەرەو ختوورەی فیترەتی ناخی دەروونم هەڵڕێژم و ئاشکرا بکەم! ئیدی ئەوە بوو لە پەناوپێچی ڕۆخی لاپەڕەی دەفتەر و نامیلکەی حیسابات و کتێبەکان و تەنانەت لەسەر دار و دیواری ماڵی خۆشمان یەکەمین نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە-واتە شاعیریی-م دەخستە ڕوو و هێدی هێدی دەمگەیاندە بەرچاو و گوێی باوکم، عەلی ئەخەوان سالس، گۆڕی پاکی پڕ لە ڕۆشنایی و ڕووناکی ئاهوورایی یەزدان و ئەمشاسپندان بێت. لەم کاتانەدا کە باوکم خەریک بوو هێدی هێدی بۆنی ئەوەی دەکرد کەوا کوڕەکەی، کوڕە گەورەکەی وەک ئەوەی ناڕەحەتییەکی دەروونی هەیە و هەڵبەتە پێشتر دایکم تێ گەیشتبوو، چونکە خۆم وا نیشان دابوو .. بەڵێ، بۆ نموونە شیعر دەنووسم!

لەم کاتانەدا من پێشتر لەگەڵ هونەرێکی دی، واتە مۆسیقا کەم و زۆر سەروسەودام هەبوو-زۆر زێتر لە شیعر- کە بە دزی بۆ خۆم چەندان جار تارم دەژەنی و لای مامۆستایەک مەشق و ڕاهێنانم دەکرد و کەم و زۆر لەم بەستێنەوە بۆ نموونە بەرەو پێش چوو بووم تا ئەو شوێنەی کە ئیدی کەم کەمە گۆرانییەکانی ئەو ڕۆژگارەم تا ئەو ڕادەیەی کە دەمبیست، بتوانم بەڕەی خۆم لە ئاو دەربکێشم و بەکورتی ئاشنایەتیم لە هەندێک مۆسیقای میللی پەیدا کردبوو (ماهوور و هەمایۆن، تەرک و شۆر، ئەفشاری و سێ گا و فروود و ئەوج و حەزیری)م دەناسییەوە و هێدی هێدی دەست و پەنجەم لە پەردە و هەنگاوەکانی سازلێدان ڕاهاتبوو، دەستی ئامێرگرتنەکەم بەهێز بوو بووو ئیدی هەر ئەمڕۆ و سبەی بوو کە



**مەهدی ئەخەوان سالس**

ئیشم لەگەڵ مۆسیقادا لە پەناوپێچ و ژووری ماڵەوە، بەرەو ساڵۆن و هۆڵەکانی دەرەوەی ماڵ هەڵکشا! هەروەک چەندان جار ئەمە ڕووی دابوو، بەڵام باوکم هێشتا ئاگای لێ نەبوو، بە سەرەخۆیشی نەدەهێنا!

ئیدی کاتێک ئیشم لەگەڵ ژێی مۆسیقا بەم شوێنانە گەیشت و باوکیشم یەک-دوو جار، ڕۆژێکیان سەعدی شیرازی گوتەنی (شەوێکیان گوێی لە ئاوازی کوڕەکەی بوو!) وەک ئەوەی کە زەنگی ئاگادارکردنەوە لەناو گوێیدا بزرینگێتەوە، ئێوارەیەکی ڕۆژی هەینی لەو خانووەی کە لە ناوچەی سەراب هەمانبوو کە لە شێوەی باخچەیەک بوو، بانگی کردم و لەلای خۆی داینیشاندم و هێدی هێدی بەشێوەیەک کە ڕاستەوخۆ سەرو دڵم نەگرێ، دەستی بە ئامۆژگاری کردنم کرد کە: بابە گیان تۆ گەنجی و بێ ئاگای، نازانی، تێ ناگەی .. لە پاشەڕۆژی ئیشەکان تێ ناگەی و نابینی، من خێرخواز و باوکی دڵسۆزی تۆم و

ئا لەم قسانەی کرد!

پوختەی ئامۆژگاری ئەم گیان شادە، ئەوەبوو کە مۆسیقا نەگبەتییە و وڵاتەکەمان بە جۆرێکە کە هەر کەسێک بەدوای ئەم هونەرەدا بڕوات، کۆتاییەکی خۆشی نییە و نموونەی بە چەند کەسێک هێنایەوە کە لە مامۆستایانی پلە یەکەمی مۆسیقا بوون، باسی ژیانی پەرپووت و پەرێشان و ڕۆژگاری بێ سەرو سامان و کۆتایی خراپ بیرکەرەوانی بۆ کردم و پوختەی قسەی وتی: من وێڕای ئەوەی باوکی تۆم و مافی ئەوەم هەیە کە بە هەموو شێوەیەک فەرمانت بەسەردا بکەم، بەڵام لە ڕێی دڵسۆزییەوە، هەرگیز ڕازی نیم کە بەدوای مۆسیقا بکەویت و تەمەنی خۆت لەم ڕێگەیەوە بەهەدەر بدەیت.

دەیگوت من خۆم چێژ لە مۆسیقا وەردەگرم و ئاگام لە خۆم نامێنێ کە بە جووڵەی پەنجەیەک لەسەر ژێی تار، یان کەمانجەیەکی پڕ سۆز و خرۆش ئاواز دەبیستم، بەڵام لە ڕووی بەرژەوەندی بژێوی ژیان، ڕازی نیم کە تۆ بەم هونەرە نەگبەتییەوە گرفتار بیت.

پاش چەند ڕۆژێک لەبەر سێبەرێک لە کۆڵانی پەهلەوی کە دوکانی عەتاری و دەرمان فرۆشی و چارەسەرە مللییەکەی لەوێ بوو، باوکم منی بۆ تەماشای کابرایەک برد کە پیاوێکی ڕەشتاڵەی باڵابەرز بوو، عەبایەکی شڕ و وڕی بەسەر شانی خۆیدا دابوو کە لەسەر داوای باوکم لەم کۆڵانەدا لەسەر تەپڵەیەکی بچووک دانیشتبوو. لە نزیکییەوە پیاڵەیەکی گەورەی چای بە ڕەنگی قاوەخانە نزیکەکەی دوکان و پاکەتێک و کۆنە دار جگەرەیەکی ڕەشداگەڕاو دەبینرا! هەروەها (تار)ێکی دەسک سەدەفی بچووک و جوانی لەژێر عەباکەیدا دەرهێنابوو، بۆی دەژەنین، ناوی ئەم پیاوە پەرێشان و قەلەندەرە، فارابی بوو! تارژەنێکی گەڕۆک بوو کە لێرەو لەوێ لەسەر داوای خوازیاران، بەرانبەر چەند (پشین)(٢)ێک کە وەک دەست هەقی پەنجەی شیرینی کارەکەی پێیان دەدا، ئەویش تاری دەژەنی.

ئێوارەی ئەم ڕۆژەیەش، فارابی کە لەسەر داوای باوکم لەبەر سێبەرێک لەم کۆڵانەیە دانیشتبوو و تاری دەژەنی و ناوە ناوەش کەسانێک کە بەوێدا ڕەت دەبوون، چەند ساتێک بۆ تەماشا و بیستن وەستابوون و نقوومی نێو پەنجە ئەفسووناوییەکانی ئەم تارژەنە گەڕۆکەی مەشهەدی بووبوون. منیش سەرسام و بێهۆش بووم، حەیرانی ئەم بەزم و ڕەزمەبووم! دەمبینی و دەمبیست کە لەم ئێوارەیەی کە خەریک بوو تاریکی دادەهات، فارابی ئەم پیاوە شپرێوە و پەرێشانە بە چ هەناسەیەکی سیحراوی سەیر و سەمەرە، ئاوازە لەبیرکراوە کۆنەکان و ئەو نەغمە پڕ لە هەڵچوون و سۆزەی وەک شارەزا لە پەردەکانی ساز بە گوڕێ وەردەکرد و وەک بڵێی ((چەنگە سیحرێکی لە فەزای شەودا بەڕەڵا دەکرد)) و یەک-دوو کاتژمێر بە ناوبڕێکی کورت کە فارابی لە کاتی ئەم کورتە پشووەدا، هەندێ جار جگەرەیەکی پێ دەکرد و دووکەڵی بە با دەکرد، یان قوتوویەکی بچووکی تەنەکەی لە گیرفانی دەردەهێنا و دەیکردەوە و دیشلەمەکی دەخستە دەمی و فڕە چایەکی بەسەردا دەکرد.

من نقووم و حەیرانی تەماشا و گوێگرتنێکی ڕوحانی ئەم سازە بووبووم و سووتاوی ئەم سەرو سەدایە بووبووم. لە کۆتاییدا باوکم داوای لە فارابی کرد کە بۆ من باس لە بەسەرهاتی ژیانی خۆی و باوکی بکات! ئەویش بە ڕاستگۆییەکی سەیر و دڵسۆز و پڕ لە

بەزەیی گوتی: کە چۆن باوکی بە ناکامی و بەدبەختییەکی لە وەسف بەدەر لە کونجی کەلاوەکەیدا، لە گەڕەکێکی خوارووی مەشهەد لەوپەڕی ڕۆژە ڕەشی و بێچارەیی گیانی داوە و تاکە میراتیش کە بۆ کوڕەکەی کە ئەم (فارابی) یە! ئەم (تارە) دەسک سەدەفە بچووکە بووە و ئەم هونەرەش کە فێری کردووە!

هەروەها دەیگوت: باوکم ئەوسا ڕۆژگارێکی باشتری بەسەر دەبرد، چونکە هونەرەکەی ئەوەندە کڕیار و خوازیاری هەبوو کە بتوانێ لەم ڕێگەیەوە خانوویەکی حەوانەوەی هەبێت، ژن بێنێت و ببێتە خاوەن مندااڵ و دەیگوت: من تەنانەت ئەمەشم نییە و نەمتوانیوە هەمبێت و هەر ئەمڕۆ و سبەیە کە لە کونجە خانوویەک ئەگەرچی بێ کەلوپەل و بێ کەس لە قوژبنی کۆڵانێک، شەقامێک، یان کاولگەیەکی وەلانراو هەر بڵێم غەریبم و قەلەندەرم و پێشوازی لە مەرگی ڕەش بکەم ...

هەرواش دەرچوو، دوو-سێ ساڵ بەر لەم ڕۆژە، باوکم هەواڵی ئەوەی بۆ هێنام و ناڕەحەت و دڵگیر دیاربوو، ناڕەحەتییەکەی بواری نەدا .... فرمێسک لە گۆشەی چاوەکانی ڕێچکەی بەست و هەوڵی دا لێمی بشارێتەوە!

باوکم لەم بانگکردنەی فارابی و گێڕانەوەی سەربووردەی ژیانی و بەسەرهاتەکانی بۆ من، بۆ بە ئاگاهاتنەوە و تەنبێ کردنم ڕێکی خستبوو و ڕازاندبوویەوە. هەڵبەتە ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو تا ئەو شوێنەی کە من ساز و مۆسیقاکەی خۆم یەکسەر وەلانا، تا بزانم کاروباری ڕۆژگار لە چ بەستێنێکە و سەرەنجام ئەو کابرا هونەرییەی کە نایەوێت جگە لە دەروازەی هونەر، سەر بۆ هیچ دەروازەیەکی دی دابنەوێنێت!

وارە وارە شەوق و گڕی عیشق لە ناخمدا بڵێسەی دەدا، بەڵام لە سەرەتاوە هۆگرییەکەم بۆ شیعر بوو کە لە ڕووم نەدەهات ڕاشکاوانە و ئاشکرا بە باوکم بڵێم، ئەمەش بێ تاقەتی کردبووم! ئەو شیعرانەی سەرەتایی خۆم لەو جێگایانەدا دەنووسی کە وای بۆ دەچووم و دەمزانی باوکم لەم شوێنانە چاوی پێ دەکەوێت، بۆ نموونە: لەو کوتە کاغەزانەی حسێبی قەردیان تێدا دەنووسرا، پەراوێزی کتێبی کوللیاتی سەعدی و دیوانی حافز، یان تەنانەت لەبیرمە لەسەر ئەو دیوارەی کە بەرانبەر ئەو دەلاقەیە بوو کە باوکم بەرماڵی لێ دادەنا و هەڵیدەگرت و دەمزانی هەموو ڕۆژێ بەلای کەمییەوە سێ جاران چاوی بەم شوێنە دەکەوێت!

باشم لەبیرە چەندان جار لەسەر ئەم دیوارە گەچییە (سپی کراوە) شیعرم نووسیوەو ڕەشم کردووەتەوە و دووبارە نووسیومەتەوە!

زۆر دڵتەنگ بووم لەوەی کە ئەو هیچ ناڵێت! تا ئەو کاتەی شەوێکیان دوای نوێژ و پاش نان خواردنی ئێوارە، وەک یەکەمین هاندانم بۆ شیعر و شاعیری، باوکم گوتی: نازانم کێ هەموو ڕۆژێ ئەم دەلاقەیە ڕەش دەکاتەوە...

((بەس بزانم بۆچی باشە؟))

منیش ئەم ئاگادارییە و بیرهاتنەوەیەم بە هاندان وەرگرت و زۆر دڵخۆش بووم بەوەی کە لە کۆتاییدا باوکم شیعرەکانی منی، ئەگەرچی بە دیوار ڕەش کردنەوە بینیوە و دەمزانی، واتە ئەوم دەناسی و هەستم دەکرد کە بۆنی ئاشنایەتی و هۆگری لەم دەربڕینەی ئەو دێت. ماوەیەک پاشتر، شەوێکی دی باوکم بانگی لای خۆی کردم و گوتی: ((مەهدی بەر لە چەند ڕۆژێک من لەگەڵ سەیدا ئیفتیخار)) کە پیرەمێردێکی لەخۆی پیرتر بوو کە خوالێخۆشبوو ئیفتیخار

ئەلحوکەمای شاهروودی ددانساز بوو کە یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی باوکم بوو، لە زووەوە هاتوچۆی یەکتریان دەکرد و کابرایەکی ئەهلی کتێب و تێگەیشتوو بوو، لەبارەی تۆوە قسەی لەگەڵم کرد.

باوکم گوتی: دەبێ تۆ پارچە شیعرێک لە ستایش و یەکتایی خودا بنووسیت، ئەگەر پەسندیان کرد، ئەوە خەڵاتێکیشت دەدەنێ! منیش دوای ماوەیەک لە خۆ هیلاک کردن و هەوڵدان، شیعرێکم نووسی و باوکم بردییە لای سەیدا ئیفتیخار، کاتێک گەڕایەوە، زۆر دڵخۆش بوو، هەروەها کتێبێکیشیان وەک خەڵات پێ دابوو تا بیداتە من بە ناوی (مسالک المحسنین-ڕێبازی چاککاران) هەروەها باوکیشم هەرێی ئەوەی دا کە کتێبفرۆشێک ڕاسپێرێت مانگانە بایی ١٥-٢٠ تومەن کتێبم بۆ بێنێت.

ئەمەش یەکەمین هاندانی من بوو کە هێدی هێدی لە بارودۆخ و دەوروبەرەکە ورد دەبوومەوە، ئەوەبوو بەرەو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان چووم و لە مەسەلە تاکییەکان و کەنارگیری دوورکەوتمەوە، ئاشنایەتیم لەگەڵ برِوایی مەزدەک پەیدا کرد و کاریشی تێ کردم، ئا لەم بارودۆخەدا بوو کە بە شیعرەکانی نیما یوشیج ئاشنا بووم، ئەوە بوو شێوازی شیعریم گۆڕی.

بەم جۆرە مەهدی ئەخەوان سالس -م. ئومێد- سەرقافڵەی شیعری هاوچەرخی فارسی لە ١٣٦٩/٤/٢٩ی هەتاوی (١٩٩٠/٧/١٩ز) بۆ چارەسەری لە نەخۆشخانەی میهر لە تاران خەوێنرا، (دوای نزیکەی یەک مانگ و نیو-و) لە کاتژمێر ٣٠, ١٠ی شەوی یەک شەممە ١٣٦٩/٦/١٢ی هەتاوی (١٩٩٠/٩/٢ز) کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی لە ساردخانەی بەهەشتی زەهرا بۆ مەشهەدی پیرۆز گوازرایەوە و لە تەنیشت گۆڕی حەکیم ئەبولقاسمی فیردەوسی لە باخچەی شاری طوس بە خاک سپێردرا.

**پەراوێز:**

١- وشەی (اقا، اغا) لە زمانی فارسیدا وەک حاڵەتێکی ڕێزگرتن بۆ (گەورەیی - کاک) بۆ کەسی بەرانبەر بەکاردێت و لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر بە (سید - السید - اغاتي) دێت، بەڵام چونکە لە زمانی کوردیدا وشەی (ئاغا) وەک زاراوەیەک زێتر بۆ خودان سامان و سەروەت و مۆڵکدارێتی و جۆرە دەسەڵاتی قۆناغێکی مێژووی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە و جێی خۆی گرتووە، ڕەنگە لە هەموو شوێنێکدا ئەم واتایەی ئێرە نەگەیەنێت کە مەبەست لە (گەورە - بەڕێز - ڕێزدار - کاک - جەناب... تاد)، بۆیە من پێم باش بوو بەرانبەر بەم جۆرە دەربرِینەی ئێرە بۆ (اقا - اغا)ی فارسی، وشەی (سەیدا) بەکاربهێنم کە لە زمانی کوردیشدا لە دەڤەری بادینان لە مێژە بەکاردێت و جێی خۆی گرتووە. (و. کوردی).

٢- پشیز: پارەیەکی زۆر کەمی خوردەی سەردەمی ساسانییەکان بوو، فلس، شایی... تاد.

**سەرچاوە:**

زندگینامه شاعران ایران. تالیف وگردآوری: لیلا صوفی، چاپ ششم، انتشارات جاجرحی، تهران، ١٣٨٠، ص ٣٦٣ - ٣٧٢.